## لەشکرکێشانی رۆم و بیزانس بۆ سەر ئاترتروپاتەن

ئەم وتارەی مینۆرسکی لەمەڕ دوو لەشکرکێشی سەردەمی کۆنی مێژوویی بۆ سەر ناوچەی تەختی سولەیمانی بەری رۆژهەڵاتی بۆکان و ئاورگەی شێز لە هەمان شوێن نووسراوە.
بابەتەکە گەلێک زانیاری لەمەڕ ناوچەکانی رۆژهەڵاتی بۆکان بەدەستەوە داوە و لە راستیدا سەرچاوەیەکی بەنرخە بۆ تاوتوێ کردنی مێژووی بۆکان و موکریان. مینۆرسکی لە هەندێ شوێنی وتارەکە دا سەرەتای پرسیار و باس و لێکۆلینەوەیەکی بەربڵاوی دامەزراندوە و ئەرکی گەنج و لاوی بەرپرسی کوردە سەرەهەودای بۆچوونەکانی ئەو هەڵبگرن و دەسکەوت و دۆزینەوەکانی ئەو شارەزایەی مێژووی کوردستان و موکریان بەرەوپێش بەرن.
من وتارەکەم چەند ساڵێک پێش ئێستا لە ئینگلیزییەوە وەرگێراوەتە سەر کوردی و بڕیار بوو لەگەڵ پێنج وتاری دیکەی هەمان نووسەر، لە کتێبێکدا بە ناوی "مینۆرسکی و کورد" بڵاو بکرێتەوە، بەڵام لەبەر هۆیەکی تەکنیکی، ئەم وتارە لە کتێبەکەدا چاپ نەکرا. بە بڵاو کردنەوەی ئێستای وتارەکە لە راستیدا قەرزی ئەو خوێنەرانەش دەدەمەوە کە کتێبی شەش وتاری مینۆرسکییان کڕیوە بەڵام تەنیا پێنج وتاریان پێ گەیشتوە!

لەشکرکێشانی رۆم و بیزانس بۆ سەر "ئاترتروپاتەن"، بەشێک لە کتێبی مینۆرسکی و کورد (کۆمەڵەی شەش وتار) نووسینی ڤلادیمیر مینۆرسکی، وەرگێرانی ئەنوەری سوڵتانی، چاپی دووهەم، دەزگای موکریانی، هەولێر ٢٠٠٦.

سەرنج: ئەم وتارە لە چاپی یەکەمی کتێبەکەدا چاپ نەکرابوو.